# وارامی چێوین

شاروخ حەسەنزادە
(شنۆ)

وارامی چێوین (warami cevin)، «بهرام چوبین»، بارامی شەشەم، دەستەڵات (٥٩٠ - ٥٩١ز) فەرماندەری سپای شانشینی ساسانی (٢٢٤ - ٦٥١ ز) لە سەردەمی هورموزی چوارەم و خەسرەو پەرویز(٥٩١ - ٦٢٨ ز). ناوبراو کەسێکی بە زاکون و چاونەترس بوو، لە باری جەستە و دروشمەوە ڕەق و چڕ، باڵابەرز و ڕەشتاڵە بووە، بۆیە نازناوی چێوین (وەک دار)یان پێ بەخشیوە.

هەندێک پێیان وایە خەڵکی لای مەلایر بووە، چونکە ئێستاش قەڵایەکی هەر بەو ناوە (چێوین)ی لێ بەجێ ماوە (گودرزی، ١٣٨٨)، یان دەڵێن لە خاکی ئیلام لە دایک بووە، دیارە لە دەرەشاری سەر ڕێگای پولدوختەر شوێنێکی لێیە خەڵکی پێی دەڵێن «تەنگەی وارامی چێوین»، یان «ڕاوگەی بارام»، ئەوەش لەوەوە دێت کە ئەو مەڵبەندە کەشوهەوایەکی زۆر خۆشی هەیە و تژییە لە ئاژەڵ و باڵندەی کێوی، ئێستاش شوێنەواری قەڵایەکی سەربازی لێ دەبینرێ. (خ. مهر ۳ ۰ آبان ١٣٩٠).
کریستیەن سێن دەنووسێ: وارام ناسراو بە چێوین، کوڕی «وارامی گەشنەسپ» لە بنەماڵەی مەزن و ناسراوی مێران (مێهران) خەڵکی لای «ڕێی» (ڕێگا) بووە کە دوای نیشاندانی ئازایەتی و لە خۆبوردوویەکی زۆر، پلەی بۆ سەرۆکی گشتی هێزە چەکدارەکانی ساسانی بەرانبەر ڕۆمییەکان بەرز بووەوە (کریستن سن ١٣٨٧).
«بنەماڵەی مێهران یەکێ لە حەوت خانەدانی گەورە و بەڕێزی ساسانی بووە کە ناوچەکانی لای ڕێی و مەلایێر و ... لە دەستدا بووە، ئەوانە ڕەگەز و ڕەچەڵەکیان بۆ لوڕەکان دەگەڕێتەوە.»
(behram VI chubin.encyclopedia of britan-ica)
«لە زۆران ڕا بیستوومانە و زانیومانە و لە

مێژووانیشدا دیومانە کە ڕەگەزی فەرمانڕەوایی بدلیس دەچێتەوە سەر کیسراییەکان، هەندێ کەس بڕوایان وایە لە نەتەوەی نۆشیروانن» (شەرەفنامە، ٢٠٠٦).

ژیان و بەسەرهاتی ئەو سوارەی مەیدانی شێرکایە و شەڕی دەمەزن، پچڕ پچڕ و لێرە و لەوێ(یعقوبی، دینەوەری، طبری، ناصری، مستوفی و...) نووسراوەتەوە. سەربوردەی «وارامی چێوین نامەک»یش بە زوانی پالەوی وەک میتۆلۆژییەکی شیرین و وشۆستە هۆنراوەتەوە و خەڵکانی عارەب و عەجەم کەڵکیان لێ وەرگرتووە (فیردەوسی بە ٤٠٠٠ بەیت باسی دەکات و جبیلە بن سالمیش وەریگێڕاوەتە سەر زوان عارەب) لێ مەخابن دواتر بێ سەر و شوێن بووە، بەڵام چاوی مێژوو وەک باز وایە و کەس بۆی ڕەوگیر ناکرێ.

هەرەسچی نەزان لکوپۆپی دیرۆکمانی وەها هەڵپەرتاوتووە بەیەکجاری دەکۆلکەی کردووە و دوور لە چاوی باخەوان وەک کرمی مێ دەمی دەناو ڕیشەش ناوە و هەرچی بەر و گوڵیشی پێوە بوو، دەجانتای خۆی هاویشتووە. دواجار ئەو بەرهەمەی خۆمان وەرد دەدەنەوە، دەیشێلن، ئاوەکەی لێ دەگرن و لە بازاڕی بێ سەروبەری گەردووندا بە نرخێکی زۆر تەنیا تڵتەکەمان پێ دەفرۆشنەوە! هەمیسان ئەو کڵاوچییانە دێن و منەتیشمان لە سەر دادەنێن و خۆشیان بە هاوڕەگ و برا و دەستەخوشک دادەنێن، بەڵام نازانن کەنگر و قوماش قەت نابن بە یوڵداش!

**ساسانییەکان**

وشەناوی دێهخودا دەڵێ: ساسان کچێکی بازرنگی بە ناوی "دینک" (ڕام بەهەشت) دەخوازێ و دەیگوێزێتەوە... گوێچڕ (گوچهر)ی بازرنگی دیژبانی "ئەرگبەزی" داراوگری بە ئەردەشێر بەخشی.

بە پێی فارسینامە یەکێ لە عەشیرەتەکانی شوانکارە (رم البازنجان) بووە کە هەمان بازرنگییە و (مەسعوودی)ش لە"مروج الذهب"دا وەک تایفەیەکی کوردی "فارس" (پارێزگای فارسی ئەمڕۆ "ناویان دەبا. لە "تنبیه الاشراف کاتێ عەشیرەتە کوردەکان پۆلێنبەندی دەکا، ناوی خێڵی بازرەنگی هاتووە (یاسمی، ١٣٧٠)

(ئیبنوبەلخ)یش پێی وایە بەشێکی ئەردەشێر بۆ خێڵی شوانکارەییەکان دەگەڕێتەوە.

ئەردەشێری بابەکان (کوڕی شاپور نەوەی بابەک نەتیجەی ساسان) کاتێ دەبینێ ئەردەوانی پێنجەم (دوامین خواوەنکاری ئەشکانی ٢٤٧ پ.ز، ٢٢٤د.ز) هێزی نەماوە و خەریکە وڵات بەلارێدا دەبا و پشێوی و ئاڵۆزی و شێواوی بووەتە دیاری خەڵک، خۆی پەیت دەکا و بەشی هەرەزۆری نەهامەتییەکانی خەڵک دەرەوێنێتەوە و قەرەبووی خەڵک دەکاتەوە، لە شەڕێکدا کە ڕووبەڕووی ئەردەوان دەبێتەوە، شای ئەشکانی نامەیەکی بۆ دەنێرێ و ئاوا دەڵێ:"هەی کوردی حەملێنراو لە ڕەشماڵی کوردان، ئەوە وات لێهات پێ لە بەڕەی خۆت درێژتر بکەی و دەخوازی تاجی شایەتی لە سەر بنێی؟ وادیارە دەستپێشخەری بۆ مردن دەکەی" (فرەوەشی، ١٣٩٠).

دوای شەڕگەلێکی سەخت سەردەکەوێ و دەبێتە بناخەدارێژەری ٤٢٧ ساڵ شانشینی لە وڵاتێکی بەربەرین بە فرە پێکهاتەی جۆراوجۆر کە لەو ماوەیەدا سی و پێنج پاشا یەک بەدوای یەک حکوماتیان ڕاپەڕاند!

پاش ئەنۆشێروان کە لەمێژوو بە دادگەر و مێرخاس ناوی هاتووە و زۆری پێدا هەڵگوتراوە و ڕووبەڕێکی زۆری خاکی لە ژێر چەنگان بووە، کوڕە گەورەکەی وەرمەز (کە ئەویش وەک باوکی، بەڵکو زیاتر بەهێز و دەستەڵات بووە) لە سەر تەختی خونکاری پاڵ دەکەوێ و بە بەشداری وەزیر و فەرماندەی سەربازی و ڕابەرانی ئایینی و خەڵکێکی زۆر لە خزم و دۆست و ناسیاو تانج و گوڵینە لە سەر دەنێ و گەل کڕنۆشی بۆ دەبا.

سروشتی سیستمی پاشایەتی وای سەپاندووە کە فرەژنی بۆ شا ڕەوا بێ. یەک لەوان ژنان کە هورموزی لێ بووە، کچی خاقانی چین بووە، دوای نەمانی باپیری هورموز، خاڵی، واتە ساوەشا (شابەشا کوڕی خاقانی چین) مردنی ئەنۆشێروان بۆ پەل هاویشتن و داگیرکردنی ئاخی ساسانییەکان دەقۆزێتەوە و بە لای هەرات و بادغیسدا بە لەشکرێکی گران و پۆشتە (٣٠٠ هەزار کەس) تاوی نیشتمانی خوارزای دەدا. هورموز کە بەوە دەزانێ گشت وەزیر و فەرماندەران کۆ دەکاتەوە و بۆ چارەی کار دادەنیشن، بە تێکڕای دەنگ وا ساغ دەبنەوە بە شەڕی مان و نەمان بەرگری لە دەستەڵات بکەن، بەڵام کێ فەرماندەری شەڕ بێ؟حاکمی ئەرمەنستان و ئاترۆپاتان.

خەسرەو هورموز بە دوای حاکم دەنێرێ و ئەویش بە سەر چوست خۆی دەگەیەنێتە بارەگای کۆشکی (تیسفون) لە خزمەت شا دەست لەسەر سینگ چۆکێک دادەدا،

دوای پێ ئەسپاردنی ئەرکی نوێ بەڵێن دەدا بە هەر شێوەیەک بێ بەر بە هاتنی شابەشا بگرێ و تێکی بشکێنێ. شا فەرمانی پێ دەکا پلانت چییە؟ وارام ناسکری بە وارامی چێوبین ڕوو لە شا دەکا و دەڵێ تەنیا ۱۲۰۰۰ سوارچاکی تەمەن ۳۰ تا ٤٠ ساڵەم دەوێ و هیچی تر. (خسروی، ۱۳۸۹).

باوەڕ بە خۆبوون و بیرتیژی ئەو شەرکەرە، وا دەکا پشتی پێ ببەستن و بە کاری ڕازی بن، وارام بە خێرایی بەرەو سپای زەبەللاحی شاوەشا تاو دەدا و لە بەرانبەری دەوەستێ و خێراترین شەڕی جیهان لە شێوازی خۆی بە سەرکەوتوویی ڕوو دەدا (لە مێژووی نیزامی جیهاندا وارامی چێوین بە هەڵکەوتەی مەیدانی شەڕ ناسراوە) (لطفی نیا، ۱۳۹۱).

وارامی چێوێن لەو شەرە قورسەدا توانی بە زووترین کات سپایەکی وەها تێروکۆک تێک بشکێنێ، هەڵبەت ئەوەش بە یارمەتی گلۆڵەی (نەوتی) ئاورین کە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا هاوێژرا، ئەو شەرە بە قازانجی خۆی تەواو بکا (۷/ ٥/ ٥٨٨ ز)، دوای سەرکەوتن باری ۲٥٠ وشتران زێڕ و خشڵ و غەنیمەتی پڕ بەها بۆ خەسرەو هورمز دەنێرێ و مزگێنی سەرکەوتنی پێ دەدا..

لێ وەزیری دەستی ڕاستی خەسرەو (یەزدان بەخش) کە لە شانامە کوردییەکانیشدا باسی کراوە، لەبەر بەرچاوتەنگی و بەغیلی عەرزی شا دەکا کە ئەو کاورایە (وارام) درۆ دەکا و ئەوە هەموو غەنیمەتەکە نییە کە بۆی ڕەوانە کردووی، من هەست دەکەم زۆرتری بۆخۆی گێراببێتەوە و بخوازێ سپای خۆی پێ تەیار بکا و بەسەر سەرماندا دا، ئەوە غولور بووە و چاوی سوور بوونە. (خسروی،۱۳۸۹).

خەسرەو وەشک دەکەوێ و بۆ شەڕی گرانی ڕۆمیانی بەرێ دەکا (ڕۆمی بیزانس تورکییە) بەو هیوایە کەس لە شەڕی ئەوان دەرباز نابێ و دەکوژرێ، یان ئەگەر سەریش کەوت، ئەوە دوژمنێکی تری لە کۆڵ دەبێتەوە، وارام بە دڵێکی بێ خەوش فەرمانی پاشا بە جێ دەگەیەنێ و هێرشی ڕۆمیان دەکا. لە شەرێکی خوێناویدا وارام دەشکێ و پاشەکشە دەکا، لە ئاکامدا دواتر مەسڵەتێ دەکەن و هەردووک سپا بۆ شوێنی پێش شەرەکە دەگەڕێنەوە، خەبەر دەگاتە خەسرەو هورموز و بە هاندان و پیلانی یەزدان بەخش، شا دیارییەک بۆ وارام ڕێ دەکا، وارام کە سەری ئێغدانی خەڵاتی شای کردەوە، دیتی دەستێک جلی ژنان و تەشییەکی بە سووکایەتی بۆ ناردووە. دوای کۆبوونەوەی وارام لەگەڵ سپاکەی و گێڕانەوەی ڕووداوەکە ڕای لێ خواستن کە بە تێکڕا دەنگیان بە پشتیوانی لە وارام دا، سا ئەو جار ڕمب و شیر و کەوانی وارام و سپاکەی بەرەو پێتەخت وە شەقە کەوت و شۆڕش بۆ سەندنەوەی ماف (بە باوەڕی خۆیان) دەستی پێ کرد. لەو دەمەدا هورموز کتوپڕ دەمرێ و پەرویزی کوڕی (خەسرەو پەرویز) بە پشتیوانی خاڵە شکستخواردووەکانی دێتە سەرکار و تانجی باوکی لە سەر دەنێ، ئەو شڵەژانەی پێتەخت بە قازانجی وارام دەشکێتەوە و ناوبراو دەست بەسەر حکوومەتدا دەگرێ و دوای زیاتر لە ساڵێک دەسەڵاتداری تیرۆر دەکرێ و چیرۆکی وارامی چێوین بە خوێن تێکەڵی دیرۆک دەبێ.

«وارام» ژنێکی هەبووە کە زۆری خۆش ویستووە بە ناوی کوردویە و براکەشی کە هەمیشە لەگەڵی بووە ناوی کوردی بووە، دواتر لە نەبیرەکانی «سامان خوا»یەک (خودان سامان) هەبووە کە خودان سامان ڕەوتی سامانیانی دامەزراند."


**سەرچاوە:**

**١- علیرضا گودرزی، دانشنامه ملایر، کبریا، ١٣٨٨، ص ١٨ - ١٩.**

**٢- خبرگزاری مهر ٣٠ آبان ١٣٩٠.**

**٣- رشید یاسمی، کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او تهران، (١٣٧٠ بازچاپ د.افشار)، ص ١٦٧ - ١٦٩.**

**٤- بهرام فرەوشی، کارنامه اردشیربابکان، دانشگاه تهران، ١٣٩٠، ص ٤٥٢.**

**٥- عمر خسروی جامردی، بهرام چوبین تابش فرهنگ ١٣٨٨، تهران.**

**٦- سلیمان لطفی نیا، روزشمار تاریخ هفته‌نامه امرداد ٢٧ آبان، ١٣٩١، ش ٢٨٧، ص ٨.**

**٧- آرتور کریستن سن، ایران در زمان ساسانیان، ترجمه مرحوم رشید یاسمی، چ دوم ١٣٨٧، نگارستان کتاب زرین، تهران، ص ٤٥٨.**

**8- behram VI chubin.encyclopedia of britanica**

**٩- میر شەرەفخانی بدلیسی، شەرەفنامە، وەرگێرانی هەژار، ئاراس ٢٠٠٦، هەولێر، ل ٤٧٥.**